**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە ٢٤٦١٤ لە ٢٠٢٢/١١/٢**

**بەیانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هێنانە کایەی قەزای (سیدەکان) و ناحیەی(بەرمیزە)**

پاڵپشت بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (٣٢٩) لە ٢٠٢٢/١٠/٤ و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان / سەرۆک وەزیران ژمارە (٣٣٣٨ لە ٢٠٢٢/١٠/١٦) دوابەدوای نووسراومان ژمارە (١٨٤٠٠) لە ٢٠٢٢/٨/٢٥ و نووسراوی ئیدارەی سۆران ژمارە (٣٧)لە ٢٠٢٢/٦/١٩و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده(٣)برگە(١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی٢٠٠٩ لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانەی خوارەوە:-

١- هێنانە کایەی قەزای سیدەکان لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران .

٢- هێنانە کایەی ناحیەی(بەرمیزە)لە سنوری قەزای سیدەکان/ ئیدارەی سەربەخۆی سۆران .

٣- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سەرۆک وەزیران ٢٠٢٢/١٠/١٦ جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**